www.kurdistannet.org
29-9-2005 19:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دیاربکر پایتەختە. . . شێرزاد هەینی

Sherzad55@hotmail. com



من هەرگیز لە سەفەردا حەزم نەکردووە شوفێری ڕێگای گشتی خێرا بڕوات، پێش بکەوێت، ئەو لاو ئەولا بکات، ئەمجارە لە دڵەوە ئارەزووم بوو زوو بگات، زوو شاخە سەوزە بە داربەرووەکەی نێوان دیاربکرو ماردین تەواو بکات، زوو بگاتە دیاربکرو چاوم بەو شارە گەش بێت و پایتەختی گەورەی کوردستان ببینم، ئەوەی زۆرتر دوای دەخستین، مەفرەزەکان بوو، تووڕەیی شوفێرە کوردەکەمان بوو لەو چەکدارانەی هاوشانی جەندرمەکان لەسەر ڕێگا گشتیەکە خەڵکیان دەپشکنی، ئالا سوورەکەی دەستیان لە دوورەوە هیمای وەستان و بڤەیان بەرز رادەگرت. لە دوورەوە شارێك بەرزو سەرکەش لەسەر بەرزاییەك، دیارکەوت، زوو شوفێرەکە وتی ئەوە دیاربکر. . . ! ئەوە ئامدی پایتەختی کوردان.

شارەکە قەڵایەکەو لەسەر سەوزاییەوە دەروانێتە دۆڵێك، ڕووبارێکی مەندو هێمن لە ئامێزی گرتووەو لە ڕووبارێك ڕوندۆك و ئەسرین دەچێت، چاوی گریاوی چەندین ساڵی شارەو دەڕوات، هەناسەی گەرمی ئەو قەڵاتە دوور دەخاتەوە. شارێکە چەندین گۆزە ئەسپیندارو کێڵگەی چوارگۆشەو باریکە جۆگە هەمووی لەیەك جیاکردیتەوە. باخچەکان سەوزن و ڕەونەق بە کەڵاوەکانی قەڵاتی شکۆی ئامدی ڕاگرتووەو نازی بێکەسی ڕاگرتووە.

کە دەچیتە ناوشار، کە دەبینی ئەو شارە بەڕاست سەرژمێرەکەی زۆر سەرووی ملیۆن و نیوە وەك زوو بیستوومانە، کە دەزانی ئەو شارە بەڕاستی کوردزمانن، کوردپەروەرن و مێژووی کوردو شارستانیەتە. بەڕاستی دیاربکر پایتەختە. دیاربکرە بە قەلات و شوورە درێژەکەی،



ئەو شارە بە مزگەوتە کۆن و بەردە گرانبەهایەکەی، بە قەیسەریە ڕوناك و گەشاوەکەی، دەناسرێتەوە.

پیاوانی شەرواڵە ڕەنگ گەرمەکان، ناوپستێرە شوورەکەکان، بە سوخمە تایبەتەکانی ژێر چاکێتەکانیان، بە زنجیرە زیوە لوولدراوەکانی سەعاتە کۆنەکانی لەمێژە تەمەنی ڕاگرتووەو بەبیریان دەهێنێتەوە.

ئامد، بە سەرۆك شارەوانی

کوردو یەکەم تیڤی کوردی بەناوی (رۆژ) و رادیۆی رۆژانەی هەناسە مشت سترانی خەم و شایی کوردی، رۆژنامەی (ئازادی ولات) 16 لاپەرەیی هەفتەی دوو ژمارەی لێ دەردەچێت و زۆر ئاکارو سەرکەوتنی کوردانەی لێ هەست دەکرێت.
لە دوورەوە گۆڕان و کوردانەو خەبات و سوربوون لەسەر بەرخودانی پێوە دیارە. زوو وتیان نەورۆزی ئیمساڵ زۆر گەورەو جەماوەری بوو، ساڵی تر زۆرترو گەرمتر، ئیمساڵ (ئیبراهیم تاتلیسازی ئورفەیی) و زۆری تر هاوشان نەورۆزیان لە ئامدییەکان پیرۆزکرد، ساڵی تر زۆرترو گەمترو کوردانەتر دەبێت.
زوو وتیان سەربەرزین سەرۆکی عیراق کوردەو دڵشادبووین سویندی حکومەتیان گۆڕی و دووبارە کرایەوە،
زوو وتیان هەمووومان بەهەڤرا کاردەکەین، رۆژی جاش و سۆفی بەسەرچوو.
زوو بیستم، ئەو شارە کاری زۆری بۆ کراوەو کاری زۆریشی دەوێت. پیرەمێردێك وتی:
شاری ئێمە شاری کۆنی جیهانە، مزگەوتەکانی پەرستگای زەردەشتی و حورەی جولەکەو کەنیسەی کریستیان و دواییش بویتە مزگەوت، رۆژانە سەدان دەست بەکامیرا بۆ دیتنی نەخش و کەوانەو بەردی رەشی رەنگین وێنەی دەگرن. چەندی من لە کۆڵانە باریکەکانی سورامەوە، تەواو نەبوو، دەستە دەستە زارۆکم بینی بە کوردی دەلەیزان، بە کوردی سترانیان دەووت، دایکیان بە کوردی بۆ ژوورە گچکەو نەوییەکان بانگیان دەکردەوە. هەر لەو شارەش چاوی رەشی کیژی نازدارم بینی، بەچاوی دایکی سبەینی و دەستی چەپلەو سەرچۆپی شایی بۆ نەورۆزی دوا سەرکەوتن دەبینی. لەو شارەدا هەرچەندی نیگا دەکەیت و سەیری کۆڵانە باریکەکان دەکەیت، هەژاری و نەداری لەو کوردە داماوە بە ئاسانی هەست پێدەکەیت، ئەو ولاتە چەند گەشاوەو شارستان و گەشتوگوزارە ئەوەندەش دیاربکر ماندوو و هیلاکە.

لە زۆر کەسم پرسی هەموو وتیان شوورەکە، قەڵاتەکە لە چواردەورەی شار دەسورێتەوە، منیش پرسیم کاتی چەند دەیووت، وەلامیان دامەوە، لە سەعاتێك تا دوو سەعات دەخایێنێ، لە خۆم پرسی ئەوەیان باشە، پیاسە درێژەکەی خۆت دەکەیت و شاری ناو قەڵاتەکەش دەبینی.


(دەروازەو قونگرەی هەڤدەبرای قەلای دیاربکر)

لەیەکێکم پرسی، ئەو قەڵاتە بۆ وا بێ خزمەتە، بۆ کەلاوەو بەردی رەماوەو نیوە دیوارو کەوانەی شکاوو بنمیچی تەپیووە. نەیانووت، بەرپرسان لەبەر دزی و کاری تایبەتی و قازانجی خۆیان ناپرژێنە ئەو قەلاتە وتیان بودجەی شارەوانی کەمەو دیارە چەندە، چاککردنەوەو سازکردنی ئەو پرۆژەیە پارەیەکی زۆری دەوێت. راستیان دەکرد، ئەو قەلاتە بەرینە درێژە بازنەیە زۆر کاری دەوێت. ئەگەر رۆژێك ئەوە نۆژن بکرێتەوە، قونگرەکان، هەیوانەکانی، سەربانەکەی، پەیژەکانی، ژوورە زۆرەکانی، بنمیچە بەرزی کەوانەکانی،

دەروازەکانی، دەرگاکانی سەراو ماردین و 17 براو چیاو تاك دەرگاو چوارمنارەو دوو دەرگاو ئەوانی تری نوێ بکرێتەوە، ئەوا دیاربکر دەبێتە شارێکی دیاری گەشتوگوزاری، هەزارەها کەس بۆ دیتن و جوانی رووی تێدەکەن.
سەرکەوتم، بەناو کەڵەکە بەردەکان و پەیژە رەماوەکە سەرکەوتم، سەرکەوتنەکەم لەو شوێنەو منی ناشارەزا ترسناك بوو، بەلام گەرانەوەم زەحمەتربوو، بۆیە بەناچاری سەرکەوتنم. لەسەر بەرزایی ئەو قەڵاتەوە هەموو شارەکەم لێوە دیاربوو، رۆیشتم، تەنیا نەشارەزا، ویستم دابەزیم، چەند پایەی شکاو منی دادەگرت، منی بەرزی سەر قەڵات لە خوارەوەو هاواریان دەکرد، دەرگا نی یە، کە زانیان کوردم و شارەزا نیم، مێردمناڵێکی باریك وەك سووسکە بۆم سەرکەوت و پێشم کەوت، رۆیشتین، دوای کەوتم، دڵنیابوو دەرگاو دەروازە هەیەو پەپژەکان ناخزن، دیوارەکە ناروخێت، خۆی دابەزی بە کرمانجییە شیرینەکەی فەرمووی کردم، کە هاتینە خوارەوەو تەماشای دیوارە رووخاوەکەو بەرزی قەڵاتەکەم کرد، زۆر سوپاسی مناڵەکەم کرد، چەند ملیۆن لیرەم لە مستی بچوکی نا، ئەو لە بۆ پاداشت نەهاتبوو، بەڵام کە پارەکەی وەرگرت، بە راکردن بە هاورێیەکانی دەووت، ئەو کابرایە ئەوەندە ملیۆنەی دامێ، دەرۆیشت و دەیوتەوە.
ئەمجارەیان لە پەنا سێبەرەکەی دەرۆیشتم، لەناو چیمەنەکەی دەرۆیشتم، تەماشای دانیشتوانی سێبەری قەلاتەکەم دەکرد، مناڵانی گەرەکە میللەکانم زۆر بینی، کیژو کورانی زۆرم بینی لەو کۆڵانە باریکانە وەك جۆگەلەی ئاو دەدەپەرین. کە بینم قوللەی 17 برای سەرکەش رووی لە ئاسمانەو پەیژەکەشی چیمەنتۆکراوەو زۆریش سەردەکەوتن، چووم، پایە پایە بەرەو ئەو قوللە خۆراگرە سەرکەوتم، نەخشەکان، نوسینەکانم ناسیووە، لە هەفتاکان لە بەرگی گەورەی گۆڤارە نازدارەکەی (رۆژی کوردستان) ی کۆمەڵەی روشنبیری بەغدا درابوو، ئای کە شۆخیمان پی دەهات. ئای کە جوان بوو، وەك خۆی مابوو، بەڵام زۆر ماندوو و چاوەروان دیاربوو، لەو قوللەیەوە، لەو کلاورۆژنانەی زەمەنەوە دەشت و سەوزایی و منارەی زۆرم لەو شارە بینی.
سورامەوەو دیوارەکەم پیوا، سەرم بۆ بەرزاییەکانی بەرز رادەگرت، لەهەر بەشێکی بواری سەرکەوتن مابوو، ترسم شکابوو، بۆی سەردەکەوتم، پەیژەکانی ئەگەرچی رِك و بەرزبوون، بەڵام من سەرکەوتم، لە هەموو گۆشەکانا شارەکەم لێ دیاربوو. بەردی رەشم بینی رەنگ و گۆشەو رووی بە رووم پێ دەکەنین، ئاوێنە ئاسا رووی خۆمم لەناو رەشاییەکانی دەبینی. لە بەرزی قەڵاتەکە هەستم بە بەرزی دەکرد، پایەو قەدو پێگەکانی رەگ و ریشەو مێژوویان دەسلماند، نوسینەکان پیرۆزی پیت و نوسین و شکۆی تۆمارن.
بە تەنیاو بە دوو سەعات رۆیشتن لە ناو ئاپوورەی بازارێکی میللی لە دەرگای سرای هاتمەوە ناوشارو هاتمەوە دونیا.

## لە دیاربکر چوومە سینما



تایتلی (شاژنی ئاسمان)

پاش چەندین ساڵ دووبارە لە کوردستان چوومەوە بینینی فلیمێك لە سینما، لە سەنتەری دیاربکر لە ئێوارەیەکی درەنگدا، تایتلی فلیمی ئەمریکی (شاژنی ئاسمان) ، ئەو فلیمەی ئیسلامیەکان وا دەزانن دژ بە ئیسلامەو شەری خاچپەرستانەکان دووبارە دێنێتەوە، لە یەکێك لە سالۆنەکانی ئەو سینمایە بینم.

سوپاس دیاربکر، وا دووبارە لە کوردستان چومەوە سینمای خاوێن و فرە سالۆن و فلیمی چاك و بینەری شایستەو بەرێز.

زوو زۆر زوو، لە شێستەکان هەموو کەس، مێرد منالْ، خوێندکار، ئەفەندی بەتەمەن، ژن و خێزانی کوردەواری دەچوونە سینما، کە فلیم دەگۆڕا، کە (کوڕەکە) فلیمی تازەی دەهات، کە تایتلە گەورەکەی لە بازار دەسووڕایەوە، دووبارە هەموو دەچوونەوە سینما، بینینی فلیم و ناسینی ئەکتەرو ڕووداوی مێژوویی و تراژیدیی و کۆمیدیی، دەرهێنەرەکانیش دەناسران.

سینما وەك لە ئەوروپا وایە، ڕۆژانەی خوێندنەوەی و دیتنی چاوی ڕۆژگارو دیتنی دوێنێ بوو، زانینی داهێنان و بیرۆکەو خەیال و نوێی ناو تەکنلۆژیایە لە سەر شاشەی سپی سینما.

نیشاندانی ئەو فلیمەو لەو ڕۆژەدا لە شارێکی وەك (ئامد) مانای زۆری هەیە، پێشەکی بۆ من گرنگ بوو، چونکە لە کوردستان چوومەوە سینما. کڕین و نمایشی ئەو فلیمش دیارە بوون و زۆری بینەرانە، ئەگەرنا هاوکات کرینی ئەو فلیمە تازەو گرانبەهایە لە بازاری هۆلیوودا، پارەی زۆری ویستووە، ئەویش بینەری زۆری دەوێت تا پارەکەی دەربهێنێتەوە.

سینماکەی ئامد لە زۆر ڕووەوە وەك سینماکانی ئەوروپابوو، سالۆنی زۆر، ژمارەی نوسراوی سالۆنەکان تا ژمارە هەشتم بینی. زۆری سالۆن واتە نیشاندانی چەندین فلیمێك لەهەمان کاتدا، تا ئارەزوومەندان لە هاتنیان بێ هیوا نەبن و ئارەزووی فلیمی خۆیان بدۆزنەوە. زۆری سالۆن واتە ئەو سینمایە بەردەوام هەیە، هەموو کاتێ کار دەکات.

لە هەمووش خۆشتر هەموو ئامادەبووان کە ژمارەیان کەم بوو، بۆ دیتنی فلیمی چاك هاتبوون، بێدەنگ، بێ جوولە، بێ توانج نمایشی فلیمەکە تەواوبوو، ئەوانەش دیارە عاشقی فلیمی چاك بوون.

مێوەی تەڕو تازەم خوارد، دانە دانە گێلاسی سووری ناسکم هەڵبژارد، شیرینی نەرم و جوانیان بەنازەوە بۆ لە پاکێتی خاوێن کردم، لە کۆنتۆیەکم پارەم دەرهێنا، کیژی ئاکارو شێوە ئەوروپی، کوڕی چوارشانەو ژنان بە جلی میللیم بینی. لەو شارەدا لەهەموو شارەکانی تر زارۆکم بینی، لەو شارەدا منالْ بە کۆمەڵ دەسورانەوە، تیپ تیپ یاریان دەکرد، لەو شارەدا بوون و زۆربوون چاك هەستی پێدەکرا. دیاربکر تەژی کاسێت و سیدی کوردیە، لە زۆر جامخانەکان تەمبوورەکەی شڤان پەروەرو وینەکەی هاوار دەکەن. لەو

دیاربکرەی من بینیم، بۆنی ولاتی بە موژدەو سروودی ئازادی چاك هەستی پێدەکرێت. ئەو شارەی بینیم دەستی نازو کارو ئاوەدانی کەمترە، ئەو شارە هەژاوەو بۆنی دێت. ئەو دیاربکرە بەراستی پایتەختە. !